# کۆمەڵگای باشووری کوردستان و پێوانە ئەخلاقیە نوێیەکان

پەروا عەبدوڵڵا ( لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی)

www.kurdistannet.org 16-9-2002

ئێمە بەدوای بەهایەکدا وێڵین کە دواجار هەموو بەهاکانمان بگۆڕێت بۆ جۆرێك لە ئاکار. ئاکارێکی هاوچەرخانەی وەها کە ناسنامەیەکی نوێ بە سەرلەبەری ژیان و نەریت و پەیوەندی و کردە رۆژانەییەکانمان ببەخشێ. ئێمەی کورد دەخوازین بچینە نێو سەردەم و چاخێکی نوێ. بۆیە دەبێ لە هەرکاتێك زیاتر هەڵوەستە لە سەردیاردە ملشکێنەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بکەین و بە شێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانە و فرە رەهەند هۆکارەکانی شکست، نامۆبوون و جەستەی هەلاهەلا بووی کۆمەڵگای باشووری کوردستان و رۆچوونی بەنێو دەریایەك لە چەمك و کولتووری زەبر و تیرۆر کە وەك تەوژمێك سەرتاپایی خودی کۆمەڵگاو هەرتاکێکی گرتۆتەوە، دەستنیشان بکەین و هەڵبسەنگێنین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

رەنگە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین ئەو کولتوور و نەریتە ئەخلاقیەی کە پەیڕەوکراوە و دەکرێت و هانی بە مۆدێرنیزمەکردنی دەدرێت، بەهای مرۆڤ و ماهیەتی ژیان و ئاکاری خستۆتە ژێر سفرەوە. باوەڕ ناکەم کولتوورو نەریتێکی وەها جەنگەلی و ئەزموونێکی وەها دژە خود، دژە ئاکار، دژە ناسنامە، لە ئەزموون و فەرهەنگی هیچ گەل و کۆمەڵگایەکی دیکەدا بینرا بێت، یاخود جێگەی باس بێت. ئاخر من باس لە کۆمەڵگایەك دەکەم کە لە سایەی پرۆسەیەکی گشتگی رو هەمەلایەنەی فیکری و کلتووری و ئەخلاقی، لە رێگەی ئەقڵیەت و پێوانە و سیاسەتێك، کە داشۆرین لەبەها، بێ شوناسی، نکۆڵی لە بوون بە هەموو رەهەندەکانیەوە بەبنەما دەگرێت، مرۆڤەکانی کردووە بە بوونەوەرێکی وەها ئاڵۆز و تێکچڕژاو، کە ئەگەر پێشی لێنەگیرێت، ئەوا بەو چەمك و خەسڵەتە ترسناکانەی کە لە هەناویدا حەشاردراوە، هەرکاتێك زەمینەیە بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژە و بڕیاری نوێ بۆ ئەو سەرکردانەی هەوەس و ئارەزوو و ویژدانیان بە رشتی فوارەی خوێن ئاسوودە و رەحەت دەبێ. ئەو کات تووشی یەکێ لە تراژیدیا مەرگهێن و کارەسات هێنەکان دەبینەوە کە مێژووی دوور و نزیکمان بە خۆوەی نەبینیبێ.

ئەو ئەقڵیەت و زهنیەتەی لە باشووری کوردستاندا زاڵ و باڵادەستە و رێبەر و حزبە سیاسیەکان سەرکێشی بۆ دەکەن، بە شێوەیەکی وەها گەمارۆی کۆمەڵگا و تاکی داوە، کە بینینی ناسنامە و ئاسۆی ناسنامەی زۆر لەلا ئاستەم کردووە .یادەوەرییەکانی تاك و مرۆڤەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە پڕێتی لە دروشمی خوێناوی، حەزی تاساو، پوچ بوون، مەرگدۆستی. کەس نازانێ کێ رزگارکەری کێیەو کێ سەروەری کۆیلایەتی و داخراوبوون و چەقبەستن و نەهامەتیەکانە. کێ ناسنامەی ژیانی کردۆتە وەهم، یاخود کێیە دەخوازێ قفڵی چاو و زمان و گوێ و مێشك و دەستمان بە کلیلی ئاکار و زهنیەتی نوێ بکاتەوە و مەیلی تێکشکاندنی ئەو چاخ و رۆژگار و ساتانەی هەیە کە دۆگمایان تێدا سەنگەر بەندکراو دۆگمای دیکەی مۆدێرنتە و دژە دۆگمای مین رێژکرد و کردە دیاری بۆ نەوەکانی ئەمرۆ. کێیە مەیلی هاتنە ئارای پێوانەی نوێی کولتووری و ئەخلاقی هاوچەرخانە و ئازادیخوازانەی هەیە.

ئێمە دەبێ لە مەیلی وەرچەرخاندن بۆ قۆناخ و سەردەمێکی نوێ بگەڕێین. ئەو مەیلەی مرۆڤەکان دەبزوێنێ و بەرەو بەرجەستەکردن و پێکهێنانی ئاکاری نوێ و دەیانکاتە خاوەن ناسنامەی ژیان و هزر و ئیرادە و کەسایەتی ئازاد. یادەوەرییە تاڵەکانی تاك و کۆمەڵگا و بەلاوەنانی دۆگما و چەقبەستن و مەیلی جەنگ و کولتووری تیرۆر و ئەخلاقی باو و ئەزموونی جەنگەڵ و پڕۆسەی داماڵین لە بەها پەتی و ئەخلاقی و ناسنامەییەکان و، گرتنەبەری رێگەی سەروەری و شکۆمەندی و گەیشتن بە ناسنامەی ئەخلاقی نوێ، تەنیا لەرێگەی پێکهێنان و داڕشتنی پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وەرچەرخان و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پێوانە شارستانی و دیموکراسیەکان مەیسەر و ئەنجامگیر دەبێت.

یەکێ لە پایە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە رۆڵی بنچینەیی دەبینێ لە بەلاوەنانی مەیلی جەنگ، تیرۆر و دۆگما، پایەی ئەخلاقی یاخود پێوانەی ئەخلاقی نوێیە کە پێویستە پێناسەیەکی گشتگیر و فرە رەهەندی بۆ بدۆزرێتەوە و هەرچی زووترە بەرێکخراو بکرێت. داڕشتن و بەرنامەرێژکردن و بەدەزگا کردنی یاسا و پێوانە ئەخلاقیە نوێیەکان راستترین و گونجاوترین و مۆدێرنترین تەگبیرە بۆ دەرخستنی تاك و کۆمەڵگا لە رەوشی نەخوازراوی پڕ لە وەهم و شکست و دژە خود و پوچاوی. بێگومان هیچ یاساو تەگبیرێکی سیاسی بە ئەندازەی هێزی ئەخلاق و پێوانە ئەخلاقیەکان کاریگەری لەو کەش و هەواو فەزا داخراو و هەناسە لەبەر بڕاوە ناکات کە کۆمەڵگای باشووری کوردستان تێیدا نقووم بووە. راستە ناتوانرێ ئەخلاق لە میانی یاساوە هەرس بکرێت و پەیڕەو بکرێت و هەرکەس ناچاربکرێت بە گوێرەی ئەوە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات، وەلێ ئەگەر کەش و هەوای پێشخستنی بوارەکانی پەروەردەیی و رۆشنگەری و زهنی بڕەخسێنرێ، ئەوا ویژدان دەبێتە سەنگی مەحەك و هەرکەس خۆبەختانە لەژیان و پەیوەندی رۆژانەیدا پەیڕەوی دەکات و خاوەندارێتی لێ دەکات. بەمڕەنگە پێوانە ئەخلاقیەکان وەکو هێزێکی مەزنی مەعنەوی جوڵە و رێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەردەکەوێتە مەیدان و کاریگەری لەسەر رەوتی رووداو و پێشکەوتن و بڕیارە سیاسیەکان دەکات و لە بەهێزترین یاساو دەسەڵاتیش بە تواناتر و بەکاریگەرتر دەبێت.

ئەخلاق دەزگای مەعنەوی و مۆراڵی کۆمەڵگایە و، رۆڵی پرد دەبینێ لە کۆنەوە بۆ نوێ و گەیاندنی تاك و کۆمەڵ بە کولتووری پێشکەوتووخوازی و دیموکراتخوازی و شارستانیەتی هاوچەرخانە. لێرەدا ئەو هێزەی کەبتوانێ پێشەنگایەتی بۆ شۆڕشی ئەخلاقی و خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی پێوانە و تایبەتمەندییە ئەخلاقیە نوێیەکان بکات کێیە؟ کێیە بتوانێ بەهاکانمان بگۆڕێ بۆ ئاکار؟ کێیە ناسنامەی ژیان و بوونمان بەبەردا دەکاتەوە؟ کێیە یادەوەریەکانمان بە بۆن و بەرامەی ژیانی ئازاد رەنگڕێژ و نەخشە کێش دەکات؟ کێیە.....؟ من دەڵێم ژن. تۆش حەز دەکەیت هەموو بەردەکانی عەشیرەتم تێبگرە.

ئەخلاق دەزگای مەعنەوی و مۆراڵی کۆمەڵگایە و رۆڵی پرد دەبینێ لە کۆنەوە بۆ نوێ و گەیاندنی تاك و کۆمەڵ بەکولتوری پێشکەوتوخوازی و دیموکراتخوازی و شارستانیەتی هاوچەرخانە. بەراستی لە باشووری کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگا لە راستینەی کولتوری و مێژوویی خۆی دوورخراوەتەوە، بەها ئەخلاقیەکانی چەواشە و پێشێلکراوە، هاوکات بێ بەری کراوە لە ئەخلاق و کولتوری هاوچەرخانەو ئەوەی ئەمرۆ لە نێو کۆمەڵگای باشووری کوردستاندا پەیڕەو و بەرجەستە و نمایش دەکرێت

هیچ داهێنان و مۆراڵ و ڕێنسانس و بەهرەیەکی لێنەکەوتۆتەوە، جگە لەوەی وەك سەردێرو بن دێری زۆرینەی ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستانی داگرتووە و لە هەر گوزەرانێکدا بۆتە باس و خواستی ئەندامەکانی کۆمەڵگا، بۆتە زەمینەی هاتنە ئارا و پەرەسەندنی چەندین دیاردەی تراژیدی و دزێوی وەك: شەڕ، تیرۆر، خۆکوشتن، خۆسووتاندن، دزی، بێ یاسایی، کۆچبەری، خیانەت، نامۆبوون، دەستبڕین، بەرەڵایی، بێکاری، دەستدرێژی و ... هتد و چەندین دیاردەی دزێوی دیکە.

گومانی تێدا نیە کە ژنان لەم نێوەندەدا بەشی شێریان بەردەکەوێ و ئەوەی کە هەرە زیاتر کڵۆڵ و زەلیلە و گرفتاری ئەم دیاردانەیەو باجی پێوانە ئەخلاقی و کولتوری و نەریتە باوەکان دەدات، ژنە و هیچ حوکم و یاسایەك تا ئێستا لە باشووری کوردستاندا نەیتوانیوە ببێتە تەگبیرێك بۆ بەلاوەنان یاخود کەم کردنەوەی ئەم دیاردە مەرگهێن و تراژیدهێنەرانە و نەبۆتە گەرەنتی ئازادی، ژیان و مافەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت مافی ژنان. ئایا لەرەوشێکی بەمرەنگەدا مرۆڤ دەتوانێ باس لە نوێبون یاخود تاك و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووخوازو دیموکراتخوازو شارستانی بکات؟ بێگومان نا !، چونکە لە باشووردا لەلایەك دەسەڵاتی سیاسی حزبی کۆنترۆڵی سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای کردووە، لەلایەکیتر کولتور و نەریت و ئەخلاق و چەمکی سەپێنراو و زاڵ بە سەرکۆمەڵگادا هەناسەی لەبەر مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە بڕیوە.

www.kurdistannet.org 16-9-2002

دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم کە تا ئێستا پرسیاری ناسنامەی ئەخلاقی نوێ و پێوانەکانی نەبۆتە پرسیارێکی ڕووتیش لای سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کورد، لێرەدا مەبەستم پرسیارێکی گەوهەریە. تا ئێستا پرسی تەڤلیبون یاخود مەراقی گەیشتن و بوونەیەك و بەرجەستەکردنی ناسنامە و پێوانەی ئەخلاقی نوێ، نەوروژێنراوە و نەبۆتە خولیا و ئامانج. ئەمرۆ لە باشووردا هێزە کۆنخوازەکان فەزایەکی وەهایان خولقاندووە کە هەر کەس ملکەچی پێوانە کولتوری و ئەخلاقیە باوەکانی نێو کۆمەڵگا بێت و وەك واقیعێك بە سەریدا بسەپێنرێ. چەمك و هەڵوەستەی هێزی کۆنخواز مۆرکی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیان داوە و هێزو توانستەکانی کۆمەڵگای لەپەل و پۆخستووە و دەرفەتی هەناسە ڤەبوون و گۆڕانکاری نادات. لێرەدا پێویستە ئیدی ئەخلاقی نوێ وەك دەزگایەکی مەعنەوی بکرێتە دەسەڵاتێکی بەکاریگەر و لەسەرووی دەسەڵاتی حزبیەوە بێت و، بەمرەنگە ئەخلاق ڕەوتی سەرجەم ژیان و پەیوەندی نێو کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات و لەمیانەی بەدەزگاکردنی ئەخلاق هێزی چالاکی کۆمەڵگا ئامادەبوونی خۆی دەربخاتە مەیدان.

بێگومانم لەوەی کە گرتنە دەستی مەسەلە ئەخلاقیەکان و هەنگاونان بەرەو چاکسازی لەو تێکدان و چەواشە و بن پێکردنە ئەخلاقیانە کە بچم و جوڵە و ڕەفتارێکی ناجسن و نەخوازراوی کردووە بە باڵای سەرتاپای خودی کۆمەڵگا، بۆ ئەمەش بە بنەما گرتنی مەسەلە سایکۆلۆژیەکان و ئەو ڕەوشە دەروونیەی کەمرۆڤەکانی باشووری کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، مسۆگەر لە کەسێتی ژن و تێکۆشانی ژنانەوە واتادارو بە ئەنجامە. ژنی ئازاد دەتوانێ نەوەی نوێ و کۆمەڵگای نوێ بە ناسنامەی ئەخلاقی نوێ ئاشنا و گۆش بکات. لەتەوەرەی ژندا بایەخدان بە خوڵقاندنی پێوانەی ئەخلاقی نوێ خاڵێکی یەکجار گرنگە، چونکە چارەسەرکردن و سنووردانان بۆ ئەو دیاردانەی کارەساتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ڕەخساندنی کەش و هەوایەك کە یادەوەرییە تاڵەکانمان لە بیربباتەوەو ئەزموونی جەنگەڵ و مەیلە جەنگهێنەر و تراژیدهێنەرەکان سەراو بن بکات، ئەمانە تەنیا لە ڕێی هێزی شاراوەی ژن و ئەو خەسڵەت و کارەکتەرانەوە بەدی دێت کە لە هەناوی ژندا خۆی حەشارداوەو تەنیا لەرێگەی تێکۆشان و پێهەڵگرتنی ژنەوە دەتوانرێ ناسنامەی ئەخلاقی نوێ بخولقێنرێ.

دەتوانم بڵێم، هەموو خولقکاریەك مسۆگەر لە ڕێگەی تێکشکاندنی بتەکان و دۆگماکان و کولتورو ئەخلاقە باوەکانەوە مەیسەر دەبێت. بتەکان ناشکێن، دۆگماکان بەلاوە نانرێن، پێوانە کولتوری و ئەخلاقیە باوەکان سەراوبن ناکرێن تاوەکو هێزی چالاکی شۆڕشێکی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی لە باشووردا دەرنەکەوێتە مەیدان. بێشك ئەو هێزە، ئەو بزوێنەرە، ئەو وەرچەرخێنەرە ژنە و، ژن دەتوانێ گوتاری ئەخلاقی نوێ بنوسێت و بەهای نوێ بکات بە باڵای تاك و کۆمەڵگای باشووردا. لێرەوە بەبڕوای من بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی بەمرەنگە و ئەنجامگیرکردنی پرۆسەی تێکۆشانێکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتگیر، پێویستە ژنانی باشووری کوردستان بە ئەندازەی ئەوەی ڕابردوو، بە هەموو هزر و چەمك و سیاسەت و کولتورو نەریتە پیاو سالارییە دڵڕەقەکان، بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەوە، هاوکات ئەوەندەش هەنوکە بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن. مەرجە ژنانی باشووری کوردستان ئەقلیەتی بزاڤە سیاسیەکانی گۆڕەپانی باشوور و ئەو زهنیەتە و پێوانە ئەخلاقیانەی بەشێوەیەکی مۆدێرن و نیمچە مۆدێرن بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ و باڵادەست کراوە، هەڵبسەنگێنن و لێیبپرسنەوە. بەمرەنگە دەتوانن ئەمرۆ بخەنە بن ڕکێفی خۆیانەوە و ئەو بوارانە دەستنیشان بکەن کە لەرێیەوە وزە و دینامیك و کارەکتەری خۆیان بخەنە خزمەت پرۆسەی شۆڕشی ئەخلاقی و دامەزراندنی پایە و کۆڵەکەکانی و لەم ڕووەشەوە پێشەنگایەتی کردن بۆ سەرخستنی پرۆسەیەکی بەمرەنگە.

ماوە بڵێم، جوڵانەوەی ئازادی ژنان لەباشووری کوردستاندا ئەمرۆکە لەژێر ڕابەرایەتی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستاندا تێکۆشانی خۆی پەرەپێدەدات، کە جوڵانەوەی ڕزگاری کۆمەڵگای باشووری کوردستانە لە زنجی رو تانوپۆ کولتوری و ئەخلاقییە بێ واتاو زاڵەکان. جوڵانەوەی بانگەوازی شەرو تێکۆشانە بۆ حەرامکردنی هەموو ئەو چەمك و کولتور و ئەقڵیەتەی کە ئەزموونی دارستانی بڕیوە بە باڵاماندا و مەرگی کردۆتە دۆستمان. جوڵانەوەی ئازادی ژن، جوڵانەوەی خوڵقاندنی پێوانەی ئەخلاقی نوێیە. ماڵێکە جێگەی هەمووومانی تێدا دەبێتەوەو هەموومانی خۆش دەوێ. مینبەرێکی ئەخلاقیە و بە پێوانەی نوێ ڕەنگی هەموومان تێکەڵ بە یەکتر دەکات و هەموو ڕەنگەکانیش تێکەڵ بە ژیان دەکات.